www.kurdistannet.org
27-11-2006 7:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوردە قارەمانەکانی ئەوروپا کوردستانی پێنجەم ڕزگار ئەکەن ... نوشیروان محمود

ماوەیەکە لەسەرجاوەجیاوازەکانی میدیادا، لەمالپەڕ و سایتی شخصی وپالتاك ورۆژنامە ئەلکترۆنیەکاندا، هەندێك بابەت و ووتاری ناشایستە بلاوئەکرێتەوە کەمۆرکی حاقدی و ڕق و کینەی شخصی بەئاسانی تیابەدی ئەکرێت، کەبۆمەبەستی تایبەتی نووسراون بێ گوێ دانە بنەماکانی ڕەخنە یان بەرژەوەندی گشتی، بلاوکردنەوەی زانیاری هەلە ونووسینی جەواشە ئەگەر تەنها بۆ خۆدەرخستن بێت بێ گوومان نەبوونی باشترە.
گەلێك لەوانەبریتین لە کوردە (قارەمانەکان) ی ئەوروپا کەلەژێر پەردەی ئازادی بیروبۆجون دا تەڕو ووشك بەیەکەوە ئەسووتێنن، باش و خراپ بەیەك جاو سەیرئەکەن، ناهەقی ئەکەن تەنانەت بەخەبات و دەستکەوتی نەتەوەیی کەبەرهەمی سەدان هەزار شەهیدی میللەتەکەمانە.
هەندێك لەو نووسەر وتوانج گرانە بۆ تۆلەسەندن بێت یاخود شکاندنی نەیاری خۆی، بۆ ناوپەیداکردن بێت یان مەبەستێکی شاراوە، گەلێك سووکایەتی ئەکەن بەموقدساتی کورد، حکومەتی هەرێمی کوردوستان، سەرکردەو سیاسەتمەداران... بەبێ ئەوەی هیج ئەلتەرنتیڤی گونجاویان هەبێت یان خاوەنی پلاتفۆرمیکی سەرکەوتوانەبن.
ئەوانەبەخەیالی خۆیان وائەزانن کەهەر ٤ جوارپارجەکەی کوردستانیان ڕزگارکردووە، بەلام بەشی پێنجەم ماوە ئەویش لەئەورووپاوە وا هەندێك لە برادەرانی (مالپەڕو پالتاك) بەدوو ووشەو بەدوو جنێو ڕزگاری بوو. کەسانێك هەن لەهەندەران هیج لەژیانی دیموکراتی و سیستمی دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ وشێوازی ژیانی ئەورووپی وپێشکەوتنی تکنولوجیا تێ نەگەیشتون و سودیان لەو هەل و مەرجەئیجابییەی ئەوروپا نەبینیوە، بەلام لەگەل ئەوەشدا خۆیان لەگاندی و انشتاین بەزیرەکتر دائەنێن. کورد لەمێژەوە ووتوویەتی.... ئەگەر کەجەل زانابووایە جارەسەری سەری خۆی ئەکرد.
دانمارك